# چەند حوکم وڕونکردنەوەیەک تایبەت

# بەمانگی صەفەر

[ بە کوردی ]

## شهر صفر: بعض الأحكام والآثار الواردة فيه

[ باللغة الكوردية ]


ئامادەکردنی : عبدو السلام محمد پشدەری
إعداد : عبد السلام محمد بشدري

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2009 -1430

islamhouse.com

# چەند حوکم وڕونکردنەوەیەک تایبەت

# بەمانگی صەفەر

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەومیهرەبان ودرود ڕەحمەتی نەبڕاوەش بۆ سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد، وەبۆ سەر گیانی ئال وبەیت وهاوەڵانی هەتا هەتایە.

خوشک وبرایانی خۆشەویست لەووتاری ئەمجارەماندا کوورتەیەک باس دەکەین لەسەر چەند حوکم وڕونکردنەوەیەک تایبەت بەو مانگەی کەئێستا لەناویداین - واتەمانگی صەفەر - بەئومێدی ئەوەی إن شاء الله ببێتەمایەی زیادکردنی چەند زانیاریەک لەخەرمانی مەعریفیمان .

مانگی صەفەر یەکێکەلەدوانزە مانگەکەی ساڵی کۆچی کەلەدوای مانگی موحەڕەمەوەدێت کەدەکاتەدووەم مانگی کۆچی، چەند ڕایەکی جیاوازیش هەیەلەبارەی هۆکاری ناونانی ئەم مانگەبەم ناوەوە، هەندێک وای بۆ دەچن عەرەبەکان لەسەردەمی جاهلیدا شاری مەککەیان چۆڵ دەکرد ودەچوونەدەرەوەبەشێوەیەک کە سلەشار نەدەمایەوە، بەواتای صفر بونەوەی شار لەخەڵکی، هەندێکی تر دەڵێن: ناوی ئەم مانگەلەوەوەهاتوەکەکاتێک هۆزێکی بەهێز دەیدا بەسەر هۆزێکی لاوازدا

هەرچی کەل وپەلی ئەو هۆزەیەبەتاڵانی دەیبرد بەشێوەیەک هیچیان بۆ نەدەهێشتنەوەو صفریان دەکردنەوە (١) .

**بیروباوەڕی عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی دەربارەی ئەم مانگە:**

عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی دوو خراپەی گەورەیان هەبوو سەبارەت بەمانگی صەفەر ئەویش :

**<u>یەکەمیان</u>** : ئەوەبوو کەبەئارەزوو ویستی خۆیان پێش وپاشی ئەم مانگەیان دەکرد لەگەڵ مانگی موحەڕەمدا، بەو واتایەی کەخوای گەورەکاتيداناوەمانگەکانی ساڵ دوانزەمانگ بن چوار لەو دوانزەمانگەناویان مانگەحەرامەکانەبەو واتایەکەخوای گەورەحەرامی کردوەکەجەنگ و شەڕو شۆڕی تیادا بکرێت ئەوانیش ( ذو القعدە، ذو الحجة، محرم، رجب ) هەروەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتوە:{ إن عدة الشهور عند الله اثنا عشر شهراً في كتاب الله يوم خلق السموات والأرض منها أربعة حرم ذلک الدين القيم فلا تظلموا فيهن أنفسكم } (٢) .

واتە: بێگومان ژمارەی مانگەکان لای خوای گەورەدوانزەمانگن کە -لوح المحفوظ- دیاری کراوە، ئەمەش هەر لەو کاتەی کەخوای گەورەئاسمانەکان و زەوی دروستکردوە، چوار مانگیان مانگەحەرامەکانن (واتەجەنگ وشەڕ وشۆڕی تیادا قەدەغەکراوە) ئا ئەمەیەئاینی ڕاست ودروست، جا ئێوەش لەم مانگانەدا ستەم لەخۆتان مەکەن وچەنگ بەرپا مەکەن .

جا عەرەبەکان پێیان وا بوو عومرەکردن لەمانگەکانی حەجدا گەورەترین خراپەکاریەکەبکرێت، لەبەر ئەوەدەهات پێشو پاشیان دەکرد بەم

مانگانه، واتەئەهاتن بەئارەزووی خۆیان مانگی صەفەریان لەجێگای مانگی موحەڕەم دادەنا ومانگی موحەڕەمیش لەجێگای صەفەر، تاوەکو عومرەکردنەکەیان نەکەوێتەبەر مانگی موحەڕەم کەیەکێکەلەمانگەکانی حەج .

لەم بارەیەشەوەابن عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: عەرەبەکان وایان دەزانی کەعومرەکردن لەمانگەکانی حەجدا خراپەگەورەکەی ناو خراپانە، دەهاتن مانگی موحەڕەمیان دەکرد بەصەفەر، پاشان دەیانووت: ئەگەر مانگ پێشخرا وئاسەواری موحەڕەم نەما ومانگی صەفەر وە دەڕنرا، عومرەش حەڵاڵ بوو بۆ ئەو کەسەی کەعومرەدەکات(٣).

ئەمەپیشەی نەفامی عەرەبەکان بوو پێش هاتنی ئیسلام بەئارەزو وویستی خۆیان دەستکاری قەدەغەکراوەکانی خوایان دەکرد، هەروەک چۆن جولەکەکان کاتي خوای گەورەڕاوەماسی لێ قەدەغەکردبوون لەڕۆژی شەممەدا، دەهاتن لەڕۆژی هەینیدا تۆڕەکانیان دەداخەست بۆ ماسی لەدەریادا وڕۆژی شەممەنەدەچون بەسەر دەمیەوەتا ڕرۆژی یەک شەممەدەهات ئەوجا دەچون تۆڕەکانیان هەڵدەگرتەوەو ماسیەکانیان لێ دەکردەوە.

<u>دووەم</u> : خراپەی عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی سەبارەت بەم مانگەئەوەبوو ئەم مانگەیان بەمانگێکی شوم دەزانی وڕەش بین بوون پێی، زۆر بەداخەوەتا ئێستاش هەندێ لەخەڵکی هەر باوەڕیان بەم جۆرەبیرکردنەوانەهەیە ، لەبارەی ئەمەشەوەچەند فەرموودەیەک هاتووە:

عن أبي هريرة قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (( لا عدوى ولا طيرة ولا هامَة ولا صَفَر وفر من المجذوم كما تفر من الأسد)) (٤) .

ئەم فەرموودەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕی نەفامی عەرەبەکان فەرموویەتی ، چونکەئەوان باوەڕیان وابوو هەرکەس نەخۆش بێت ودابنیشیت لەپاڵی تۆش بەبێ چەن وچون نەخۆش دەکەویت ئیتر ئەو نەخۆشەکەس نەدەچوو بەلایدا بۆ خزمەتکردنیش، وەهەروەها کاتێک بیانویستایەسەفەرێک بکەن دەهاتن باڵندەیەکیان هەڵدەدا بەئاسماندا، ئەگەر ئەو باڵندەیەبەئاراستەی ئەو شوێنەبڕۆشتایەئیتر باوەڕیان وابوو سەفەرەکەیان خێری تێدایەوەئەگەر بەو ئاراستەیەش نەبوایە، سەفەرەکەیان نەدەکرد وپێیان وابوو تووشی شەڕ دەبن ئەگەر سەفەر بکەن، هەروەها باوەڕێکی تری نەفامی ئەوەبوو ئەگەر کوندەپەپوو بیخوێندایەلەسەرماڵیان ئەوەتووشی کارەساتێکی خراپ دەبوون، وەباوەڕێکی تری نەفامی ئەبوو وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کەمانگی صەفەر لایان مانگی ڕەش وشوم بوو .

لەبەر ئەوەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) وەک ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕی خەڵکی فەرمویەتی کەبەهیچ شێوەیەک ئەو شتانەڕاست نین ولەبیروباوەڕی ئیسلامدا جێگایان نابێتەوە .

واتای فەرموودەکەش بەم شێوەیە : نەخۆشی بەبێ ئیزنی خوا ناگوێزرێتەوە- وەک عەرەبکان باوەڕیان وا بوو - هەڵدانی باڵندەش بۆ زانینی دەستگیر بوونی خێر لەسەفەرەکانتاندا، وخوێندنی کوندەپەپوو، هەروەها باوەڕ بوون بەشوم وڕەش بینی بەمانگی صەفەر ، هەموو ئەمانەبنەمایان نیەلەئیسلامدا، بەڵام ئەوەندەهەیەهەڵبێ لەو کەسەیکەتووشی نەخۆشی گولی بووەوەک چۆن هەڵدێیت و ڕادەکەیت لەئاژەڵێکی دڕەندەی وەک شێر.

شێخ ابن عثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : لەبارەی لێکدانەوەی ووشەی ( صەفەر ) کەلەم فەرموودەیەدا هاتووەچەند ڕایەکی جیاواز هەیە، بەڵام ڕاسترین و دروسترینیان ئەوەیە، بەمانای ڕەش بینی و شومی دێت بەرامبەر بەمانگی صەفەر وەک عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیدا باوەڕیان وابوو .

گومان لەوەدا نیەکات و ڕۆژێکی دیار کراو ( وەک مانگی صەفەر ) هیچ کاریگەری نیەلەسەر قەدەری خوای گەورە، بەڵکو هەموو کات ورۆژ ومانگەکان لەژێر دەسەڵاتی خوای گەورەدان وەک هەموو کاتەکانی تر خوای گەورەقەدەری خۆی تیادا ئەنجام ئەدات جا ئەگەر خراپ بێت یان باش، هەندێ کەس باوەڕیان وایە ئەگەر لەکارێکی دیاری کراوی خۆیان لەبیست وپێنجی مانگی صەفەر لێبونەوەئەوەپشوویەکی بۆ دەدا، ودەڵێت: خێر بێت باشەکارەکەم لەبیست وپێنجی صەفەردا تەواو بوو، ئەمەش بەشێکەلەو بدعەیەی کەخەڵکی تێی کەوتون، ئەو مانگەش نەمانگی شەڕەوەک خەڵکی باوەڕیان وایە، نەئەو مانگەشەباوەڕت وابێت تووشی خێر دەبیت تیایدا - واتەمانگەکان هەموویان مانگی خودان وبەش نەکراون ئەمانەیان شەڕن و ئەوانەشیان مانگی خێرن، هەر بۆیەکۆمەڵێک لەزانایانی سەلەف قەدەغەی ئەوەیان کردوەئەگەر کوندەپەپوویەک خوێندبێتی و ووترا بێت ( خێر بێت إن شاء الله ) لەوەڵامدا ووتویانە: مەڵێن خێر بێت یان شەڕ، بەڵکو کوندەپەپوش وەک هەموو باڵندەیەکی تر بۆخۆی دەخوێنێت (٥) .

**هەندێک بیرو باوەڕی پوچ وبەتاڵ سەبارەت بەم مانگە، کەخەڵکی باوەڕیان پێیەتی:**

<u>یەکەم :</u> پرسیار کرا لەلیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوا لەشانشینی عەرەبستانی سعودیە، سەبارەت بەوەی لەم وولاتە هەندێک لەزانایانی باوەڕیان وایەلە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نوێژێکی سوننەت هەیە لەچوار شەممەی کۆتای مانگی صەفەردا ولەکاتی نوێژی چێشتەنگاودا چوار ڕکات نوێژ بەیەک سەلامدانەوەبکرێت، لەهەر ڕکاتێکدا سورەتی فاتحەو سورەتی ( الکوثر ) هەڤدەجار بخوێنرێت وسورەتی ( الاخلاص ) پەنجا جار بخوێنرێت وسورەتی ( الفلق والناس ) یەکی یەک جار بخوێنرێت، ئەمەهەمووی لەیەک ڕکاتدا بخوێنرێت، لەهەر چوار ڕکاتەکەدا بەهەمان شێوەبخوێنرێتەوەوپاشان سەلام بدرێتەوە، لەپاش ئەو نوێژەش هەشت صەد وشەست جار ئەم ئایەتەبخوێنرێت :{ والله غالب على أمره ولكن أكثر الناس لا يعلمون } وەلەکۆتای هەموو ئەمانەدا ئەمەش بووترێت : سبحان ربک رب العزة عما یصفون، وسلام على المرسلين، والحمد لله رب العالمين.

دواتریش چەند نانێک بکات بەخێر و دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەیەخوای گەورەلەو بەڵا وموصیبەتەبتپارێزێت کەلەکۆتا چوارشەممەی مانگی صەفەردا دادەبەزێت .

وەباوەڕیان وایەهەموو ساڵێک سێ صەد وبیست هەزار بەڵا دادەبەزێت بۆ سەر زەوی، هەمووشیان لەچوار شەممەی کۆتای مانگی صەفەردا

دێتەخوارەوە، جا ئەگەر ئەو نوێژەت بەو شێوەیەکرد ئیتر خوا دەیپارێزێت لەتەواوی ئەو ناخۆشی ونەهامەتیانەکەلەو ڕۆژەدا دادەبەزێت .

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوا ئەمەیان ووت : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەودرودو ڕەحمەتیش بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئیسلام وسەرجەم هاوەڵانی ، ئەم نوێژەبەم شێوەیەی باسکرا نەلەقورئان ونەلەسوننەتی پێغەمبەر ونە لەسەلەفی ئەم ئوممەتە و نەلەخەلفی صاڵحیشەوە وارد بووە، بگرەئەوەی باسکرا بدعەیەکی خراپ وقەدەغەلێکراوە.

لە پێغەمبەریشەوە ( صلى الله عليه وسلم ) وارد بـووەکەفەرمویەتـی:" من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد " هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتوەکەفەرموویەتی : " من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد " هەردوو فەرمودەکەش بەیەک مانایان هەیەئەمەش واتاکەیەتی : هەرکەس لەئاینی پیرۆزی ئیسلام شتێک دابهێنێت وفەرمان وداخوازی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوەوەرناگیرێت و دەدرێتەدواوە.

جا هەرکەس ئەو نوێژەی کەباسکرا بیداتەپاڵ پێغەمبەری خـوا ( صلى الله عليه وسلم ) یان هاوەڵەبەڕێزەکان ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئەوەگەورەترین بوهتانی کردوە، وەشایستەی ئەوەیەکەسزای درۆزنیان بەسەردا بدرێت (٦) .

<u>دووەم :</u> شێخ عبدو السلام الشقيرى دەڵێت : هەندێک لەجاهل ونەزانەکان ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی کەئایەتی {سلام على نوح في العالمين } لەچوار شەممەی کۆتای مانگی صەفەردا بنووسنەوەو ئەمجا بیخەنەناو

قاپێکی پڕ لەئاوەوەوبیخۆنەوەوتەبەڕوکی پێ بکەن وبەهەدیەش بیدەن بەخەڵکانی تر، بەهیوای ئەوەی بپارێزرێن لەناخۆشی ونەهامەتی وخراپە.

گومان لەوەدا نیە ئەمەبیروباوەڕێکی پوچ وبەتاڵەورەش بینیەکی خراپ وبیدعەوداهێنراوێکی قبوڵ نەکراوە، وەواجبەلەسەر هەرکەسێک کەئەم کارەی بینی ئینکاری بکات وقەدەغەی بکات لەخەڵکی .

**هەندێک فەرمودەی هەڵبەستراو کەپەیوەندی هەیەمانگی صەفەرەوە:**

١ - حه ديثي : ((من بشرني بخروج صفر بشرته بالجنة)) واته: هەرکەس موژدەم بداتی بەڕۆشتی مانگی صەفەرد، منیش موژدەی دەدەمێ بەبەهەشت (٧) .

٢- حەديثي : (( يكون صوت في صفر ثم تتنازع القبائل في شهر ربيع ثم العجب كل العجب بين جمادى ورجب )) واتە: دەنگێک هەبوو لەمانگی صەفەردا، هەندێک لەهۆزەکان ناکۆکیان کەوتەنێوانەوەلەسەر مانگی ( ربيع)، پاشان عەجیبی تەواو عەجیب ئەوەیە کەدەکەوپتەنێوان مانگی( جمادى ) و مانگی ( رجب ) .

ابن القيم ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) یەک فەصلی داناوەبەناوی ( أحاديث التواريخ المستقبلة ) واتە: ئەو فەرموودەهەڵبەستراوانەی کەباس لەمێژووی داهاتوو دەکات.

لەژێر ئەم فەصڵەدا باسی زۆر شتی کردوەلەوانە: ئەو فەرموودەیەی ئەگەر باسی لەوەکرد ، ئەگەر هاتوو فلان ساڵ بوو ، ئەوەئەوەو ئەوەڕوو دەدات ، یان ئەگەر فلان مانگ هات ئەوا ئەوەو ئەوەڕوودەدات .

هەروەها ووتەی درۆزنی ئەو کەسەی دەڵێت : ئەگەر مانگیرا لەفلان مانگدا ڕووی دا، ئەوەگرانی وقات وقڕی وکوشت وکوشتار ودەسەلاتدار سەرقاڵ دەبێت ، خۆ ئەگەر لەمانگی صەفەردا مانگ گیرا ئەوەفلان شت دەقەومێت .

ئەم درۆزنانە هەروا بەردوام ئەم فەرمووده درۆیانە هەڵدەبەستن تا هەموو مانگەکان تە واو دەکەن ، بۆ هەر مانگێک شتێکیان دۆزیوەتەوە.

ئەم بەناو فەرموودانەی کەلەم بابەتانەدا هاتوون هەر هەموویان درۆ وهەڵبەستراون (٨) .

ئەی خوای گەورە یارمەتیمان بدەیت کەهەموو کارو فەرمانەکانمان لەبەر خاتری تۆ وڕەزامەندی زاتی حەق تەعالای تۆ بیت، و بەپێی سوننەتی پێغەمبەری ئازیز بێت إن شاء الله .

خوای گەورەش پشت وپەنای هەموو لایەک بێت

والسلام علیکم ورحمەاله وبرکاتە

سەرچاوەکان :

---


(١) لسان العرب ج٤/لاپەڕە٤٦٢-٤٦٣ .

(٢) التوبة / ٣٦ .

(٣) رواه البخاري حديث رقم ١٤٨٩ ومسلم حديث رقم ١٢٤٠ .

(٤) رواه البخاري حديث رقم ٥٣٨٧ ومسلم ٢٢٢٠ .

(٥) مجموع فتاوى الشيخ ابن عثيمين - رحمه الله - ٢ / ١١٣، ١١٥ .

(٦) فتاوى اللجنة الدائمة ٢ / ٣٥٤.

(٧) كتاب كشف الخفاء للعجلوني ٢ / ٣٠٩ و كتاب الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة للشوكاني ١ / ٤٣٨ و كتاب الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة ١ / ٣٣٧ .

(٨) كتاب المنار المنيف لابن القيم ص ٦٤ .